بۆرگری ڕووسیا ڕێگری لە زیاتر لە 200 فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئۆکراینی دەکات و لێناویان دەبات



وەزارەتی بەرگری ڕووسیا ڕۆژی پێنجشەممە ڕایگەیاند، زیاتر لە 200 فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئۆکراینی بەسەر ئاسمانی ڕووسیادا ڕێگریان لێکردووە و لێناویان بردووە.

وەزارەتی بەرگری ڕووسیا لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندووە، "لە نێوان کاتژمێر 4:00ی پاشنیوەڕۆ تا 11:00ی شەو بەکاتی مۆسکۆ، 201 فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئۆکرانی بەسەر چەند ناوچەیەکی ڕووسیا و دەریای ئازۆفدا ڕێگریان لێکرا و لێناوبران".

لای خۆیەوە پارێزگاری ناوچەی ڤۆرۆنیژی ڕووسیا ڕایگەیاندووە، "بۆرگرییە ئاسمانییەکان شەش فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئۆکراینییان بەسەر ناوچەکەدا لێناوبردووە".

هاوکات سەرۆکی شارەوانی مۆسکۆ ڕایگەیاندووە، "بۆرگرییە ئاسمانییەکانی ڕووسیا چوار فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی دوژمنکارانەی دیکەیان لێناوبردووە کە بەرەو پایتەخت دەڕۆیشتن".